# ڕەوشی باوەڕ و خواستی ئازاد


د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەددین - کۆلێژی ئاداب)


( ١- ٢ )

١- ئەگەر مرۆڤ لە پرۆسەی پێشکەوتنی کولتوور و شارستانی و فەلسەفە وردبێتەوە، بەتایبەتی دوای پێچرانەوەی دامودەزگا سڕبووەکانی سەدەکانی ناوەڕاستی مەسیحی ئەوروپا، کە تا ڕادەیەک ئەو ناوە بە سەریدا دەگونجێ کە ئاماژەی پێ بە دەسەڵاتی ستەمکاری عوسمانی درابوو (پیاوە نەخۆشەکە) ئەو قۆناغەی مێژووی ئەوروپا لەگشت ڕەهەند و گوشەکانیدا چەق بەستووبوو، قسەکردن لە گۆڕان تێیدا نامۆ و تابۆبووە، تەنانەت کڵێسەی مەسیحی ئەوەندە سەرتاپاگیرانە کۆنتڕۆڵی کۆمەڵگە و دامودەزگاکانی دەوڵەتی کردبوو، چینی گەورە پیاوان و بارۆن و خاوەن زەویوزار و فیوداڵەکان (دەرەبەگ) ماوەیەکی دوورودرێژ لە ڕشتنی ڕەنگی سیاسەتی بەڕێوەبردن و کاروباری کۆمەڵگە و دەوڵەت دوورەپەرێز خراون. پاپی ئەعزەم لە ڕۆم بەبێ ڕکابەر تاکە بڕیاردەر بووە! بەلایەکی تردا کاریگەرییەکی ئەوتۆشیان لەسەر جۆری ژیان و بیرکردنەوە و (ئایدیۆلۆجی) گوزەرانی کۆمەڵانی خەڵکی سادە و ساکار کە زۆرینەی گەلیان لێ پێکهاتووە نەبووە!

- کەواتە ئەو هێزە شاردراوەیەی مێشە هەنگ ئاسا بەبێ ئەوەی سەرنج بۆ لای خۆی ڕابکێشێ و هەنگاو بەهەنگاو هێمن و لەسەرخۆ کۆششی گۆڕانی کردووە، کامەیە و دەکرێ چ ناوێکی لێ بنرێ؟ یان دواتر چ ناوێکی لێ

نـراوە؟

بەپێـی سـەرچاوەکان هێـزی کارا، ئەگەرچـی کردارەکانیشـی بەجـۆری جیـاواز هەڵسـەنگێنرابن، دوای ئاییـن و کڵێسـە، چینـی شۆڕەسـواران- سـوارچاکان (شـۆڤالیێ — کاڤالـیێ) بـووە! (یوهـان هویزنجـا: ١٩٩٨ ل٦٠).

- ئەو بڕیارە ئەگەر تا ڕادەیەکی سـەرنجڕاکێش، ڕاستیی (هەقیقـەت) بـەلای خۆیدا بـەرێ، کێشـە پرسـیارێک سـەر ئـاو دەکـەوێ کـەوا بەئاسـانی یەکلایـی بکرێتـەوە و وەڵامەکـەی پێشـکەش بکـرێ!

دەکرێ ڕۆڵـی تاکەکەسـان بەبـێ بوونـی چینـی ڕێکوپێـک و هێـزی ئاراسـتەکار، ئیتـر (بەواتـای ئـەم سـەردەمە، نیقابـە، یـان پارتـی سیاسـی وەک ئامـرازی ڕێکخسـتن) ئەنجامێکـی ئەوتـۆی لـێ بکەوێتـەوە کـە بووبـێ بـە مایـەی کۆتایـی هاتنـی دەسـەڵاتی کڵێسـەی مەسـیحی سـەدەکانی ناوەڕاست؟ ئیتـر ئەمـە بـووە هـۆکار و مەبەسـت بۆچـی بـەلای بزووتنەوەی ڕۆمانتیکـەوە، کولتووری سـەدەکانی ناوەڕاسـتی ژێـر هەژموونـی کڵێسـەی مەسـیحی و سـوارچاکی بەرانبـەر بـە یەکتـری خراونەتـە نێـو دووتـای یـەک تـەرازووەوە!

٢- لـەو سـەردەمەدا جیـاوازی چینایەتی (ئەگەرچی بەتەواوەتـی خەتوخاڵـی نـەداوە)، بـەڵام تـا ڕادەیـەک هەسـتی پـێ کـراوە. جیـاوازی نێـوان ڕابەرانـی کڵێسـە و خەڵکـی سـادە بەرانبـەر بـە جیـاوازی نێـوان خـاوەن زەویـوزارە فیودالـەکان و بـۆرە پیاوماقووڵـە پیـاو و جووتیـاران. بۆچوونـی گەلـی دەسـتەبژێری ڕەبـی مووسـا (کـە مەبەسـت لـە جوولەکـە عیبرانییەکانـە) گوێزراوەتـەوە بـۆ مەسـیحی و ئیسـلام، ئوممەتـی محەمـەد بـەو چـاوە سـەیری خۆیـان کـردووە کـە باشـترین ئومەتێکـن چاکـەکارن و بـەدکاری ناکـەن!

- لـە قەڵەمـڕەوی کڵێسـەی مەسـیحیدا، هیـچ کاتێـک ئـەوە بەبیـردا نەهاتـووە، یـان دەرفەتـی بیـر لێکردنـەوەی نـەدراوە، ئایـا چـۆن دەکـرێ دەوڵەتێکـی چاکـەکار دابمـەزرێ! بەڵکـوو هانـی ئـەوە دەدرا، وا بیـر بکەنـەوە لـە جیهانێکـی پـڕ و لێـوان لێـو لـە بەدکاریـدا چـۆن دەتوانـرێ مـرۆڤ چاکەکاربێـت و لەنێـو کڵۆڵـی و بەدبەختـی ژیانـدا بەختـەوەر و سـەرفرازبێ؟ ئـەو سـەردەمە لەسـەدەی پێنجـی زایینـەوە تـا سـەدەی پـازدە درێـژەی کێشـاوە: (ڕەسـل: ٢٠٠٠، ل٢٥٠ بـە ئەڵمانـی).

ئـەوەی سـەیر و سەرنجڕاکێشـە لـەو سـەردەمەدا کـە دیارتریـن ڕوخسـار و گەوهـەری کڵێسـەی ئایینـی عیسـایی بـووە، ئـەو ڕاسـتییەیە کە کڵێسـە خـۆی بەنـدە بـە بـڕوا و بـاوەڕ و بنەمـای هەوڵـدان لەپێنـاو جیهـان و دنیایەکـی دیکـەدا (دوای مـردن)، کەچـی تاکـە دامـەزراوەی سـەرتاپاگیری کاربەدەسـتی دنیـای ژیانی ڕۆژانـەی مـرۆڤ بـووە!

پرسـیاری سـەرەکی کـە خوێندەوارانـی ئـەو سـەردەمەی نیگـەران کـردووە، ئـەو دیاردەیـە بـووە کـە گوتـراوە:

مـرۆڤ لـەوە شـارەزا و دڵنیایـە و بەپێـی ئەزمـوون: مـرۆڤ بـە سروشـت بەدکار نیـن، کەچی دەبـن بـە بـەدکار و تاوانبـار، ئیتـر ئەمەیـە کاری کارای بەدبەختـی و کڵۆڵـی، یـان هیـی ناچـاری و تۆبـزی و مەجبـووری!

ئـەم بۆچوونـە بەئاشـکرا هیـوا و ئاواتـی شـار بەدەرکـردووە و تـرس و دڵەڕاوکێ و نیگەرانی و بێ ئومێدی لـە ژیـان و دنیـا و دواڕۆژی چاوەڕوانکـراو لـە نـاخ و دەروونـدا جێگیـر کـردووە! ژیـان بـە ئاشکرایی بـووە لـە خـۆ بەدەسـتەوەدان لەبەرانبەر چارەنووس (قەدەر) لەو کەشوهەوایەدا، فەلسـەفە پاشەکشـەی کـردووە و بابەتـی ئاکارێکـی کرچوکاڵ لەچوارچێـوەی لاهووتـدا سـەر ئـاو کەوتـووە.

٣ - لــە ئایدیۆلۆجـی متوربەکـراو بەلاهووتـی کڵێســەدا، دوووڕەنگـی لــەش و گیــان، دنیـا و قیامەتــە، مەملەکەتـی ڕەب و مەملەکەتـی دنیـا کــە دواتــر لەلایــەن ئۆگۆســتینی پـاک (٣٥٤ – ٤٣٠) بــە شــاری ڕەب و شــاری دنیـا ناوبــراوە. هــەر لە ســەرپێچییەکەی ئادەم و حــەواوە کە لـە بــەری داری ژیــان (زانین)یــان خــواردووە، تۆمەتـی گوناحکاریی خراوەتـە پارسـەنگی مرۆڤـی دانا کە ئاگای لە هیـچ نەبـووە و لــەو ڕووداوە بـێ خەبـەر بــووە! ئیتــر لاســەنگی تەرازووەکــە بــەوە ڕاسـت کراوەتــەوە کــە ڕەب ڕۆڵــەی خــۆی (یەســووعی مەســیح) عیســای مریەمــی نــاردووە بــۆ ئــەوەی بــە ئێــش و ئــازار و لەچــوار مێخــە درانەکــەی کەفارەتـی گوناحـی مرۆڤـی لەسـەر زەوی بـدات و پاکیــان بکاتــەوە!

ئــەوەی لێــرەدا ســەرنج ڕادەکێشــێ بڕیارێکـی کڵێســەیە کــە ئــەو ڕۆڵــەی عیسـا کاڵ دەکاتــەوە. بەپێـی ڕێنماییەکانـی کڵێسـە لـەم دنیایـەدا هیـچ گوناحێـک و بەدکارییــەک سزایان لەســەر نییــە و کــەس سزا نــادرێ! ئەگــەر سزادان لــەم دنیایــەدا هەبێ، ڕۆژی حەشـر و قیامـەت (دادگایـی کـردن) هیـچ ڕۆڵ و بایەخێکیــان نامێنــێ!

- مەســیحییەت لەخۆیـدا هــەر لــە ســەرەتاوە گەوهــەر و خەســڵەتی ئایینــی نەبــووە! بەڵکــوو بــاوەڕ و بــڕوا (عەقیـدە و ئیمان) بووە، چونکە هیچ جــۆرە ئەرکێــک بەلایەنگرانــی ناســپێرێ، تەنانــەت نوێــژی یەکشــەممانیش ئەرکـی سەرشــان نییــە و مــرۆڤ سەربەســتە بچــێ بــۆ کڵێســە و نوێژەکــە بــکات، یــان نەچــێ و فەرزەکــە بەجــێ نەگەیەنــێ، وەک یەکـە! ئەگـەر مـرۆڤ لـە مێـژووی پەیدابـوون و بڵاوبوونــەوە و جێگیربوونــی بــەو شــێوەیەی ئێســتا لەسەرانســەری ئەورووپــا و دووړگەکانــی بەریتانیـا و هــەردوو ئەمەریکای باکوور و باشـوور و پــەرەوازە ئاســا لەچەنــد وڵاتێکــی ئاسـیا و ئەفەریقـادا بڵاوبووەتــەوە ســەرنج بـدات کـە ئـەو ئایینــە دوای چــوار مێخەکێشـانی پەیامبەرەکـەی لەلایــەن کەسانێکەوە کـە جـوو بـوون و بەجۆرێـک لــە جــۆرەکان لــە ئایینــی پێشــوویان نیگــەران بــوون و هەڵگەڕاونەتــەوە. بـۆ نموونـە (پۆڵــس)ی پەیامبــەر بــە درێژایی ژیانی ئازاری مەسـیحییەکانی داوە، گوایــە لــە گەڕانەوەیــدا – دوای ئەرکێــک کــە ئاخونــدە جــووەکان پێیــان ســپاردووە، لــە دیمەشـقەوە گەڕاوەتــەوە بـۆ ئورشــەلایم و لەڕێگـە بــە (موعجیــزە!) یەســووعی لــە ئاســمان دیــوە و داوای لــێ کــردووە ڕێنماییــەکان بڵاوبکاتــەوە! ئیتــر لـەو ڕۆژەوە کـراس و جلوبەرگـی جوولەکەیـی داکەنـدووە و بەخواسـتی (ئیـرادەی) ڕەبـی عیسـا، بـووە بـە ڕەنگرێـژ و ئەندازیـاری ئایینـی مەسـیحی! ئــەم ڕووداوە سەرنجڕاکێشــە بەهیــچ بنەمایــەک پاسـاو نادرێتـەوە و ناچێتـە ئەقڵـی هیـچ مرۆڤێکـی ژیــرەوە. ڕابەرانــی کڵێســە بەرانبــەر ئــەو گومانــە دەڵێــن بــڕوا و بــاوەڕ شــتێکە و ناکــرێ بەژێــر و لۆجیـک (پێـوەر ئاسـا) بڕیـاری لـە بـارەوە بـدرێ!

- لــەو ڕێنماییانــەی کڵێســەدا شــتێک نەمــاوە بەنــاوی (تەقـوا) پەرسـتن و لــەڕەب ترسـان، بـڕوای ڕاسـت لەبەهـا و بایەخیـدا لـە چاکـەکاری و خۆشەویسـتی و بەزەیـی جیـا ناکرێتەوە، پاداشـتی ئـەو چاکەکارییــە لــە بەهەشــتدا دەبــێ (ئەڵمـان دەڵێـن ئاسـمان) بەدکاریـش لـە دۆزەخـدا سـزاکەی پــێ دەبــڕێ.

- کتێبـی پیـرۆزی مەسـیحیەکان بـە ئینجیـل ناو دەبــرێ کــە واتــای مــژدە (مزگێنــی) دەبەخشــێ. تــا کۆبوونــەوەی نیگیـا (ســاڵی ٣٢٥ز) پتــر لــە (١٤٤) ئینجیــل هەبــووە، بێجگــە لــە ئینجیلــی برنابـا کـە گوایـە تێیـدا هاتـووە کـە پەیامبەرێـک دەردەکــەوێ نــاوی (ئەحمــەد)ە، هەر لە ســەرەتاوە

ئەو ئینجیلە بێ سەر و شوێن کراوە و لەوانی دیکە ئەو چوار ئینجیلەی ئێستا هەڵبژێردراون و پەیڕەو دەکرێن. (ئینجیلی مەتتا، ئینجیلی مارکۆس، ئینجیلی لۆکاس، ئینجیلی یوهانس)، ئەوجا پەیامی پەیامبەر دێت کە پتر ڕەهەندی مێژوویی و ئامۆژگاری و ڕێنماییان هەیە.

ئەگەر مرۆڤ سەرنجی ئینجیلی مەسیحییەکان بدات کە خۆی بە تەواوکار و هەموار و درێژەپێدەری تەوراتی مووسا دادەنێ، پتر لە ژیاننامەی (سیرەی) عیسای مریەم دەچێ، چەند جارێک نەبێ ناوی ڕەبی عیسای نەهێناوە، لەوێدا هاتووە کە مەسیح دوای چوار مێخەکێشانی لە گۆڕەکەی هاتووەتە دەرێ و چووە بۆ ئاسمان و لەوێ لە تەنیشت باوکی دانیشتووە، ئیتر لەوە بەدواوە وشەی (ڕەب) بۆ ئاماژەدان بە مەسیح بەکارهاتووە، یان وتراوە ڕۆڵەی ڕەب، بەڵام بەهیچ جۆرێک قسە لە ڕەببی عیسا نەکراوە، وەک ئەوەی لە تەورات و قورئاندا کە ڕەب بکەرە و بە تێروتەسەلی ناوی هاتووە و باس کراوە.

– مەسیح وەک یاوەرانی (حیوارییەکان) لە ئینجیلەکانیاندا باسیان کردووە، موعجیزەی کردووە، بۆ نموونە نابینای چاک کردووەتەوە، کەڕ و لاڵ جارێکی دیکە بە فەرمانی مەسیح بە قسە هاتوونەتەوە و بیستوویانە. (ئینجیل: مەتتا: ١ – ٩ بەئەڵمانی). وەک لەو ئینجیلانەدا هاتووە دوو خاڵ ڕوون دەبنەوە.

**یەک:** کۆمەڵگەی ئەوسای ئەوروپا کە مەسیحییەت تێیدا ئاغا و دەسەڵاتدار بووە لەو توێژانە پێکهاتووە:

چینی پیاوانی ئایینی (ئەکلێرۆس) لە سەروویانەوە پاپی ئەعزەم، ئەوجا چینی ئۆرۆستوکرات، لە ژێرەوەش خەڵکی سادە (ڕەش و ڕووت) و سادە.

**دوو:** ئەو چوار ئینجیلە و ڕینماییەکان کە ئایینی مەسیحیان بەرجەستە کردووە، لە سێ سەرچاوەوە کەوتوونەتەوە و خەتوخاڵیان داوە و ئەو عیسایەی لێ پێکهاتووە:

– فەلسەفەی یۆنانی (ڕیواقی و ئەفلۆتین).

– لاهووتی پیاوانی ئایینی مەسیحی.

– لاهووتی جوولەکە، بەتایبەتی ئەو لایەنانەی لەگەڵ بۆچوونی باوکانی کڵێسەی مەسیحیدا گونجاون.

لەو سێ لایەنە ئایینێکی (بڕوا و باوەڕێکی) سەرتاپاگیری ڕێکوپێک و نەزمئاسا ڕەنگرێژراوە، تەنانەت هیچ شوێنەوارێکی سرووش (وەحی) کە بۆ عیسا هاتبێ، بەرچاو ناکەوێ.

٤– لە ئایینی مەسیحیدا، هەر لە سەرەتاوە هەستی نەتەوایەتی پشتگوێ خراوە، لایەنگرانی شانازییان بەوەوە کردووە کە لایەنگری عیسا و ڕێنماییەکانین و جیاوازی لە نێوان مەسیحییەکی یۆنانی و ئیتاڵیایی و ئەڵمان و فرەنسایی ناکەن. دەکرێ دەربارەی ئەو ڕەوشە قسە لە مرۆڤی کۆسمۆپۆلیتی بکرێ. مرۆڤێک سەرانسەری دنیا بە وڵاتی خۆی دەزانێ و باوەڕی بە سنووری دەستکردی نێوان نەتەوە و وڵاتان نییە. مرۆڤی مەسیحی لە هەر جێگەیەکدا بێ، برای ئایینیەتی! بەڵام پشت ئەستوور بەسەرچاوە باوەڕپێکراوەکان ئەوە گریمانە دەکەن کە ئەو بیرۆکەیە لە ئەسکەندەری مەکدۆنیاوە وەرگیراوە. لایەنە نەتەوەییەکەش پشت کردنە جیهاندیدی جووەکانە کە نەتەوە و ئایینی مووساییان ئاوێتەی یەکتری کردووە. عیبرانی وەک مرۆڤ ئەوەیە کە بە ئایین جوو بێت و لە منداڵدانی ژنێکی عیبرانی (جوو)دا خوڵقابێ و لەدایک بووبێت! بەڵام مەسیحی بێ نەتەوەیە و هاووڵاتی شاری دنیایە کە سێبەری دنیایی شاری ڕەببە لە ئاسمان.

– ئەو بڕیار و بۆچوونەی کڵێسەی مەسیحی

لە هیچ کاتێکدا، تەنانەت لە یەک وڵاتیش نە پەیڕەو کراوە و نە باوەڕی پێ هێنراوە. باشترین نموونە ئەوەیە کە لایەنگرانی ڕێبازی (مەزهەبی) کاتۆلیک بەچاوی نەیار و دوژمنانە تەماشای لایەنگرانی ڕێبازی پرۆتستانتەکان دەکەن، ئەوانیش وەک سوننە و شیعە ژنیش لە یەکتری ناهێنن!

- ڕابەرانی ئایینی مەسیحی بڕوایان بە بنەمای یەکتایی و یەک ڕەنگی جوو و موسڵمانان نییە و پێ لەسەر سێ ڕەنگی ڕەب، ڕۆڵە، گیانی پاک دادەگرن، گوایە ئەم سێ بوونەوەرە یەکەیەکی تۆکمەی یەکڕەنگ پێک دەهێنن.

لەلایەکی ترەوە خۆیان بە ئایینی خۆشەویستی دادەنێن و ئەو تۆمەتە دەخەنە پارسەنگی جوولەکە و ئیسلام گوایە ڕەبی مووسا توندە لە سزادان و خوای موسڵمان لەلایەکەوە توندە لەسزادان و لەلایەکی دیکەوە بەخشندە و میهرەبانە، ئەم قسەیان دروستە، بەڵام مەسیحییەت ئایینی خۆشەویستی بێ ڕاستەقینە لە ئارادابووەکان ئەو بۆچوونە کاڵ دەکەنەوە.

چوارمێخە کێشانی عیسا ئەگەر توندوتیژی و ڕقوکینە نەبێ، چۆن لێک دەدرێتەوە! هەبوونی دادگەی پشکنین و سووتاندنی جودابیر و هزرمەند و زانایان بەڵگەی توندوتیژییە، نەک هیی خۆشەویستی.

ئەگەر لە ئیسلامدا وەک ئایین یەکڕەنگی پەروەردگار پێی لەسەر داگیراوە، ئەوە لە شەرع و لە مەزهەبدا هەمەڕەنگی هەیە، وەک بوونی سوننە و شیعە و ئەوەی سوننە لەلای خۆیەوە لە چوار مەزهەب پێکهاتووە، ئەمەش بەڵگەی کرانەوە و بەبژوێنییە، کرانەوەیەک کە لەگەڵ سروشتی ژیان و کۆمەڵگەدا بێتەوە. بوونی ئەو هەمەڕەنگییە لە بنەماکانی ئاییندا ئەوە دەردەخات کە ویستراوە لەگەڵ سروشتی هەمەجۆری کۆمەڵگە و ژیانی مرۆڤدا بێتەوە. بۆ نموونە فارس، شیعە و کورد (زۆرینە) شافیعی و تورک حەنەفین، ئەمە هەمەڕەنگییە و کرانەوەیەکی بەهێزە ئەگەر تەنیا هەر لەسەر خانیشدا بووبێ، پشتڕاست دەکاتەوە.

٥- ئایین لە چوارچێوە گشتییەکەدا (دوور نییە لە وردەکارییەکاندا بە جۆرێکی دیکە بێت) دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە توندوتۆڵ بە بنەما و پێکهاتە و پێوەندیە هەمەڕەنگییەکانی کۆمەڵگەوە بەندە، بۆیە دەکرێ بگوترێ کە پێوەندییەکی توندوتۆڵی دەستیاوی کار و کار لە یەکتری کردن لە نێوان هەردووک لادا هەیە. کۆچکردنی ئایینی مەسیحی لە ڕۆژهەڵاتەوە (لە ئۆرشەلایمەوە) ئیسرائیلی ئێستا بەرەو ئەورووپا و ئەو گۆڕانەی بەسەریدا هاتووە و ئەوەی خۆی بەسەر کۆمەڵگەکانی ئەورووپادا هێناویەتی ڕاستیودروستی ئەو بۆچوونە ساغ دەکاتەوە. ئەو پرسیارەی کە بەبێ وەڵام دەمێنێتەوە و لە چوارچێوەی ئەم نووسینە دەچێتە دەرەوە، بۆچی ڕۆژهەڵات بەگشتی مەڵبەندی سەرهەڵدان و پەیدابوونی ئایین بەگشتی و هەرسێک ئایینە ئیبراهیمییەکە بووە؟ تەنانەت لە ئەڵمانیا مامۆستایەکی شارەزای لاهووت لە زانکۆی مونیستەر (لە هەرێمی نۆردراین ڤیستیڤالن) لە سەردەمی خوێندکاریمدا (دوکتۆرا) پێی وتم: بەپێی سەرچاوەکان پێش هاتنی مەسیحییەت، هیچ جۆرە ئایینێک لە وڵاتانی ئەورووپا و لەنێو نەتەوەکانیدا (ئایینی ئیبراهیمی) بوونی نەبووە! ئەوەی لە یۆنانی پێش زایینیش باسی کراوە، پتر سروشتی ئەفسانە و داستانیان هەبووو!

ئەو دیاردەیەش کە لە ئەورووپا بەسیکولار (عەلمانیەت بە عەرەبی) ناو دەبرێ، بزووتنەوەیەکی

ئایدیۆلۆجییە لەناو جەرگەی ئەوروپای مەسیحییەتەوە هەڵقوڵاوە و داوای سنووردارکردنی دەسەڵاتی کڵێسەی مەسیحی و جیاکردنەوەی ئایین لە سیاسەتی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە و دەوڵەتی کردووە، ئەوانەش کە ڕابەرییان کردووە، مەسیحی بوون و بە باوەڕی مەسیحی گۆش و پەروەردە کراون. لەو کایەیەدا وا پێویست دەکات ئاماژە بە دوو خاڵ بدرێت:

یەک: ئەو گۆڕانەی بەسەر مەسیحیەتدا هاتووە، دەری دەخات کە کۆمەڵگە پێکهاتەیەکی کارای زیندووە و سروشتی سەرەکی پێکهاتەکەی بابەتێک کە لەسەرەوە بەسەریدا بسەپێنرێ وەک خۆی پەسەندی ناکات. دەبێ جۆرە گۆڕانێکی بەسەردا بهێنرێ لەگەڵ سروشتی کۆمەڵگەدا بێتەوە، ئەمەیە هۆکاری ئەوەی مەسیحییەت بەو مەرەیە چووە! بۆ نموونە زۆرینەی خەڵکی ئەڵمانیا لەگەڵ ڕێبازی کاتۆلیک نەبوون و پەسندیان نەکردووە، ئیتر مارتن لۆتەر ڕابەریی چاکسازیی گۆڕانێکی لە لاهووتی کڵێسەی مەسیحیدا کردووە و دژی بڕیارەکانی پاپی ڕۆم (فاتیکانی ئەم سەردەمە) کارا و چالاک بووە و مەزهەبی پرۆتستانی لە ئەڵمانیا دامەزراندووە. لۆتەر هەردوو ڕۆڵی لاهووتی یۆنانی – ڕۆمانی لاواز کردووە و هەوڵی گەڕانەوەی داوە بۆ سەرچاوە، ئەویش تەوڕاتی جوولەکە بووە. (ڕەسل ۲۰۰۰ ل۱۸)

ئەو چاکسازییە لە ئیسلامدا (ئەگەر بشێ لێرەدا وشەی چاکسازی بەکار بهێنرێ) لە سەرخانی ئایینەکەدا بووە و هەوڵدراوە بە جۆری دیاریکراو و بەشێوازی شرۆڤەکردن (تەئویل) و ئەنجام خستنەوە، تێکستە ئایینییەکان لێک بدرێنەوە، ئەمە گەڕانەوە نییە، چونکە دەقە ئایینییەکان سەرچاوە بوون و کراون بە کەرەستەی توێژینەوە و شرۆڤەکردن و لێکدانەوە و بڕیار (حوکمدان)، تەنانەت لە بڕیارەکانی شەرعیشدا بێجگە لە قورئان و سوننە، بە کۆدەنگ (ئیجماع) پشتیان پێ بەستراوە. ئەو کۆدەنگییەش لە بۆچوونی زانایانی ئایینەکە مەبەست بووە.

دوو: ئەو قسەیەی مارکس کردوویەتی و گوتوویەتی: ئایین ئەفیونی میللەتانە، مەبەستی ئایینی مەسیحی بووە، تەنانەت بەیەک وشەش باسی ئایینی ئیسلامی نەکردووە. گوایە ئەوکاتە بە مارکس گوتراوە کە ئایینی ئیسلام بەو جۆرە نییە و لە مەسیحیەت جیاوازە، بۆیە مارکس بڕیاری داوە بچێ بۆ جەزایر کە ئەوکاتە ژێردەستە (کۆلۆنی) فەڕەنسا بووە، بەڵام نەخۆشیی ئەو دەرفەتەی نەداوە ئەم کارە بکات. (مارلین ڤێسپەر: ۱۹۹۵ ل ۱۰۱ بە ئەڵمانی)

ئەگەر مرۆڤ بە مەبەستی توێژینەوەی ئەکادیمی لە ڕینماییەکانی ئایینی مەسیحی وردبێتەوە، ڕاستی بڕیارەکەی مارکسی بۆ دەردەکەوێت کە ئەو ئایینە لە سڕکردنی مێشک و ناخی دەروونی خەڵک و تەفرەدان بەو لاوە نییە.

٦ – من بۆچوونەکەی بیرتراند ڕەسڵ بە دروست نازانم کە گوتوویەتی گوایە کارل مارکس لە جیهاندیدەکەیدا:

لە جیاتی یەهوڤا ڕێبازی مەتریالیزمی دیالێکتیکی و لە جیاتی مووسا خۆی و لە جیاتی گەلی دەستەبژێر (عیبرانییەکان) چینی پرۆلیتاریات و لە جێگەی کڵێسە پارتی کۆمەنیست و لە جیاتی دۆزەخ کرداره سزادەرەکانی سەرمایەدارەکان و لە جێگەی شاری ڕەب دەوڵەت و کۆمەڵگەی سۆسیالیستی – کۆمەنێستی و لە جیاتی هاتنەوەی مەسیح جارێکی دیکە شۆڕشی داناوە. (ڕەسڵ: ۲۰۰۰ ل ۳۷٦ بە ئەڵمانی)

ڕاستە مارکس بن جووە و بەتەواوەتی شارەزایی لە تەورات و تەلمووددا هەبووە، بەڵام هیچ بەڵگەیەک لە ئارادا نییە کە ئایینەکە کاری تێ کردبێ و بەلایەوە پەسەند بووبێ، بەپێچەوانەوە لە کتێبی (مەسەلەی جوولەکەدا) هەڵوێستی نارێی (نێگەتیڤی) بەرانبەر بە ئایینی عیبرانی (مووسایی) دەربڕیوە.

– هیچ گومان لەوەدا نییە کە هزرمەند بەگشتی کۆرپە و ڕۆڵەی گۆشکراوی سەردەمی خۆیەتی. مارکس لە کۆمەڵگەیەکی بە ئایین عیساییدا ژیاوە، ئەنجامەکانی شۆڕشی پیشەسازی (سنعات) و سەرهەڵدانی چینی سەرمایەداری و کلۆڵیی چینی پرۆلیتاریات (کرێکاری) بە چاوی خۆی دیوە، لەوەش دڵنیا بووە کە کڵێسەی مەسیحی لە دڵخۆشکردن بەولاوە (مارکس ئەوەی بە ئەفیون داناوە) هیچی تری پێ نییە و هیچ کێشەیەک چارەسەر ناکات! بۆیە بازووی چالاکی مەردانەی لێ هەڵماڵیوە و بۆ لەناوبردنی ستەم و هەژاری تێکۆشاوە! ئەمڕۆی سەردەمی خۆی کردووە بەو بنەمایەی دواڕۆژێکی لەسەر دابمەزرێنی کە ستەم و جەور و هەژاری بخرێنە نێو مۆزەی مێژووەوە.

ڕاستە جیهاندیدەکەی سنووری تیۆری نەبەزاندووە و لە ژیانیدا سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە! ئەوەی لینین لە ١٧ی ئۆکتۆبەر لە ڕووسیای نیمچە دەرەبەگی و نیمچە سەرمایەداری پیادەی کردووە، پتر بریتی بووە لە جیهاندیدی ئایدیۆلۆجی لینین – ستالین و مارکس ناچێتە ژێر باری نوشوستی و تێک شکانەکەیەوە. ئەوەی مارکس بە نووسین و کردەوە پێشکەشی کردووە بێ نموونەیە لە ژیان و جیهاندا و لە تواناییشدا نەبووە، لەسەردەمی ژیانی ئەودا، لەوە باشتر پێشکەش بکرێت.

– بەتەواوەتی لەو باوەڕەدام، من خۆم وەک خوێندکارێکی دوکتۆرای فەلسەفە لە کارگەی سەرمایەدارەکانی ئەڵمانیا، شان بە شانی کرێکاران پاش نیوەڕۆ و ئێواران ئیشم کردووە، سەرمایەداری کە دواتر بووە بە ئیمپریالیزم، سوودێکی زۆری لە جیهاندیدەکەی مارکس وەرگرتووە. بەتایبەتی ڕەوشی کرێکاران و پێوەندییان بە ئامرازەکانی بەرهەمهێنانەوە، چۆن بتوانین کرێکاران ڕازی بکەن بەلای خۆیاندا بیانهێنن و گیانی هێمنی و ئاشتیخوازییان بە بەردا بکەن و چۆن بتوانن لەگەڵ کۆمەڵگەی فرەچین و توێژە جیاوازەکان هەڵبکەن و بێنەوە. ئەو هەوڵەیان بەسوودوەرگرتن لە فەلسەفەی مارکس، ئەوەی لێکەوتووەتەوە کە سەرمایەداری سەردەم ئەو ستەمکارەی سەردەمی داهێنەری فەلسەفە و ڕێبازی دیالیکتیکی مەتریالیزم و مێژوویی نەماوە، کرێکاریش نە ئەو شۆڕشگێڕە ماوە جیهان بگۆڕێ و نە ئەوەیە بتوانێ جڵەوی بەڕێوەبردنی حکوومەت و دامودەزگاکانی دەوڵەت بگرێتە دەست و نەچینی ڕابەرە! چاکسازی لە ڕێگەی پەرلەمان و سەندیکا و دامودەزگا و دامەزراوەکان و یاخی بوونی مەدەنی و مانگرتن پتر لە شۆڕشی پرولیتاریات داهێنەر و بنیادنەرن.

پەرەسەندنی کۆمەڵگە و ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی ساغیان کردووەتەوە کە ڕەوشی پەیدابوونی چینی سەرمایەدار و توانایی کۆنترۆڵکردنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و بەڕێوەبردنی دامودەزگاکانی کۆمەڵگە، ڕەوشێک بووە پەرەسەندنی ژیان و کۆمەڵگە و مێژوو پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان بەئامرازەکانییەوە ڕەوایان کردووە و پاساویان داوەتەوە. ئەوەی لە ئاراشدایە هیگڵ گوتەنی: ژیری مرۆڤ پەسندی

دەکات و ئـەوەش کـە ژێـر ڕەوای بـکات هەڵکەوتـی ڕاستەقینەیە (واقیعییـە) و نەدەکرا بـەو جۆرە نەبێ کـە هەیـە و لـە ئارادایـە. دەرکـەوت کـە هەوڵـدان بـۆ لەناوبردنـی نەزمـی سـەرمایەداری (ئەورووپـا) بـە هیچ جۆرێـک کۆمەڵگـەی بـێ چیـن و دوور لـە سـتەمی بـەدوادا نایـەت، چونکـە بوونـی ئـەو چینـە خـاوەن سـەرمایە و دەسـەڵاتە، ئەنجامێکـە لـە پەرەسـەندنی ژیرەکـی ژیـان و کۆمەڵگـە و شارسـتانیەتەوە کەوتووەتـەوە! پەسـەند نەکردنـی، یـان هەوڵـدان بـۆ ڕیشـە کێـش کردنـی — هـەر وەک تاقیکردنـەوەی ژیانـی وڵاتانـی ئەورووپـا پشتڕاسـتی کـردەوە- بەهیچ بنەمایـەک پاسـاو نادرێتـەوە، بـەڵام ڕکابەریـی و ڕەخنەکـردن بـە مەبەسـتی چاکسـازی و پڕکردنـەوەی کەلەبـەر و کەموکـووڕی نەزمـی لـە ئـارادا بـوو لەگـەڵ سروشـتی مـرۆڤ پەروەریـی مـرۆڤ و ژیانـی ئاسـوودە و بەختەوەریـدا دێتـەوە.

## خواستی ئازاد

٧- هـەر لـە سـەرەتای پەیدابوونـی فەلسـەفەی یۆنـان (پێـش زاییـن)، بـە تایبەتـی قۆناغـی ئەفلاتـوون و پیـادەڕەوەکان، کێشـەی ئـازادی مـرۆڤ، بەتایبەتـی و خواسـتی ئـازاد بەگشـتی کێشـەی سـەرەکی بـووە و کۆششـی یەکلایـی کردنـەوە و وەڵامدانـەوەی پرسـیارەکە کـراوە: ئایـا دەکـرێ مـرۆڤ بەبـێ ئـازادی بـە بیـردا بێـت و وێنـا بکـرێ؟ کـە دەگوتـرێ ئـازادی و خواسـتی ئـازاد قسـە لەچـی دەکـرێ؟ دوای دەرکەوتنـی هـەر سـێک ئایینـە ئیبراهیمییەکـە (جـوو، عیسـایی، موسـڵمان) ئـەو بابەتـە پێـی ناوەتـە قۆناغێکـی دیکـەوە بـەوەی بەرانبـەر بـە کێشـەی چارەنـووس و (قـەدەر) دانـراوە و خراونەتـە نێـو دوو تـای یـەک تەرازووەوە! وەڵامـی ئـەو پرسـیارانە تـا ڕادەیـەک لـەوەوە سـەرچاوەی گرتـووە چـۆن تەماشـای مرۆڤـی تـاک کـراوە:

ئایـا مـرۆڤ ئامـرازە لـە پێنـاو ئامانجێکـی دیاریکـراو و نەخشـە ڕەنـگ بـۆ ڕێـژدراو؟ یـان لـە خۆیـدا ئامانجـە و هەمـوو شـتێک لـە ژیانـدا ئامرازە بـۆ ئـەوەی مـرۆڤ بەوە بـگات کە دڵـی دەیخوازێ؟ بەهـەر لایەکـدا وەڵامـی پرسـیارەکە بدرێتـەوە، کێشـەکە نـە بنەبـڕ و نـە یەکلایـی دەکرێتـەوە، چونکـە خواسـتی ئـازاد و ئـازادی بـە شـێوازی جیاواز پێناسـە دەکرێ و لێک دەدرێتـەوە! ئەوجا گریمانـە سـەرەتای دەسـتپێکە کـە لـە ئایینـەوە، یـان لـە بنەمـای ئایدیۆلۆجییـەوە دەکرێ بابەتەکە ڕەهەنـدی تایبەتـی پـێ ببەخشـرێ!

لـە کۆتایـی سـەردەمی بەنـی ئومەیـە لـە شـام و بـە درێژایـی دەسـەڵاتی سـەرتاپاگیر، ئەوجـا بـێ سـەروبەری عەبباسـییەکان، چەنـدان زانـای کـەلام و هزرمەنـد لەسـەر ئـەو کێشـە پرسـیارە، گیانیـان لەدەسـت داوە!

٨- لـە ڕوانگـەی فەلسـەفەوە خواسـتی ئـازاد و ئـاکار و ئۆباڵکێشـان لـە یەکتـری جیـا ناکرێنـەوە، چونکـە نەبوونـی ئـازادی، بنەماکانـی ئـاکار پـەک دەخـات و گشـت جـۆرە ئوباڵکێشـانێک کاڵ دەبێتـەوە!

- لـە زانسـتی کەلامـدا ئـەو کێشـەیە بـە وردی ورووژێنـراوە، هـەوڵ دراوە لـە چوارچێـوەی جێگیرکردنـی بنەمـای یەکتایـی (یـەک ڕەنگـی- وەحدانیـەت) و داد و دادپـەروەری و دەسـەڵاتی ڕەهـای لـە ڕادە بـەدەر و سـنووربەزێنی ڕەبـدا یەکلایـی بکرێتـەوە، بۆیـە سـێ جـۆرە وەڵام (بڕیار دانێـک) سـەر ئـاو کەوتـوون و بـەدی دەکرێـن:

**یـەک:** لایەنێـک کـە لـە بڕیـار و بیرکردنـەوە و توێژینـەوەدا ژێـری کـردووە بەسەرمەشـق، پێـی لەسـەر ئـازادی بـێ قەیـد و مەرجـی ئـازادی تـاک و خواسـت داگرتـووە. موعتەزیلـە ڕابـەری ئـەم

ئاراستەیە بوون و لەسەری بەو مەرەیە چوون کە بە (میحنەتی) موعتەزیلە ناو دەبرێ!

**دوو:** ئەو ئاراستەیەی کە وشە بە وشە تێکستە ئایینییەکانیان شرۆڤە کردووە و ڕێگەی هیچ جۆرە لێکدانەوەیەکی ئازاد (تەئویلیان) نەداوە، بۆیە پێیان لەسەر قەدەر و چارەنووس داگرتووە و لەو باوەڕەدا بوون هەموو شتێک لە سەرەتاوە بڕیاری لەسەر دراوە و مرۆڤ ناچارە، بگرە مەجبوورە ئەوە بکات کە کردوویەتی و دەیکات! ئەو ئاراستەیە بە (جەبریە) ناوبراوە! غەیلانی دیمەشقی و جەهم بن سەفوان قۆچی قوربانی ئەو ئاراستەیە بوون.

**سێ:** ئەو ئاراستەیە، نەشیش بسووتێ نە کەباب ڕێگەی ناوەڕاستی گرتووەتە بەر کە بەتیۆری بەدەستهێنان (کەسبی ئەشعەری ناسراوە). بکەری ڕاستەقینە خوا خۆیەتی، بەڵام بەندەکانی کە کارێک دەکەن، لەکاتی کردنەکەدا خەسڵەتی کارکردنەکەیان پێ دەبڕێ!

- موعتەزیلە گرنگترین ئاراستەی زانستی کەلامە کە هەر لە سەرەتاوە پێیان لەسەر ئازادی مرۆڤ داگرتووە و کۆشاون تۆبزی و ناچاری و (جەبر) کاڵ بکەنەوە، لەو هەڵوێستەدا دوو خاڵیان دووپات کردووەتەوە:

**یەک:** داد و دادپەروەریی ڕەب.

**دوو:** دوورخستنەوەی گشت زۆر و جەور و ستەم و بەدکارییەک لە خودی (زاتی) خوا.

بۆ ئەو مەبەستە کە ئەنجامەکەی ساغکردنەوەی ئازادی و ئازادی خواستی مرۆڤ بووە، پشتیان بە دوو بەڵگە بەستووە:

**یەک:** بەڵگەی ژیرەکی:

ئەم بەڵگەیە، دوور لە تێکستە ئایینییەکان، پەنا بۆ میتۆدەی شیکاریی لۆجیکی ژیرەکی دەبات و هەوڵ دەدات ساغی بکاتەوە کە ئازادی مرۆڤ، بەدادی ڕەببانی و دەسەڵاتی ڕەهای سنووربەزێنی ناکۆک نییە، لە کاتی گریمانەکردنی ئازادیدا ستەم و بەدکاریی و بێ دادی لە ڕەب بە دوور دەگرێ. چۆن دەکرێ مرۆڤ لێی بپرسرێتەوە و سزا بدرێ لەسەر کارێک کە خۆی بە ئازادی نەیکردبێ و ناچاری کردنەکەی کرابێ.

ئەو جۆرە داکۆکیکردنە لە ئازادی خواستی مرۆڤ و پشت بەستن بە ژیر و لۆجیک لەگەڵ ئەو پێنج بنەمایانەدا دێنەوە کە تانوپۆ و پوختەی جیهاندیدی کەلامی ئەو گرووپە هەرە گرنگەی زانستی کەلام دەکات کە بەوپەڕی تواناییەوە داکۆکیان لە بابەتێک کردووە شکۆمەندی و گەوهەری مرۆڤ و پلە و پایە و ڕۆڵی لاهووتی و ئایدیۆلۆجی و کۆمەڵایەتی ئایینەکە ساغ و پشتڕاست دەکاتەوە.

**دوو:** بەڵگەی پشت ئەستوور بە تێکستە ئایینییەکان:

بێ دووپات کردنەوەی پتری ئەو ئازادی خواستە و بۆ پشتگیریکردنی بەڵگە ژیرییەکە. پەنا بۆ چەند ئایەتێکی قورئان براوە کە بە ئاشکرا قسە لەو ئازادییەی مرۆڤ دەکەن لەگەڵ داد و بەخشندەیی و میهرەبانی و بەهرەی ڕەببانیدا دێتەوە:

(فمن شاء فليؤمن ومن شاء فليكفر – الكهف ٢٩)، هەروەها لە ئایەتێکی تردا هاتووە (لا إكراه فى الدين – البقره – ٢٥٦) و (ولا تزر وازرة وزر أخرى: الاسراء – ١٥). (د. احمد محمود صبحي: ١٩٨٥ ل: ١٥٠)

دووپاتکردنەوەی ڕۆڵی کارای ژیر و ئازادی مرۆڤ بە پێچەوانەوەی هێز و توانست و دەسەڵاتی (قودرەتی) ڕەب نییە، چونکە مرۆڤ ئەو تواناییەی هەیە بە ئازادی و بە ژیر

چاکەکاریی و بەدکاریی لە یەکتری جیا بکاتەوە. پێشێلکردنی ئازادی و بەکەم زانینی ژێر بە پێچەوانەی گەوهەری سروشتی مرۆڤە. خواست لە خۆیدا لەگەڵ ئەو کارەدا دێتەوە کە مەبەستە بکرێت. ئازادییەکەش لەوەدایە مرۆڤ دەتوانێ کارە خوازراوەکە بکات و دەشتوانێ نەیکات! ئەو جیهاندیدەی ئەم گرووپە هزرمەندانە ئەگەر ژینگە و سەردەمی خۆیان لەبەرچاو بگیرێ کە سەرخان و ژێرخانی کۆمەڵگە پابەندی ڕێنماییەکانی ئایین بوون و پیاوانی ئایینی بە ئارێ و نارێوە بڕیاری هەموو شتێکیان داوە، لەو کەشوهەوایەدا موعتەزیلە و جیهاندیدەکەیان بەوپەڕی پێشکەوتنخواز دادەنرێ!

٩- ئازادی لە خۆیدا بەهادارترین و گرنگترین بەهای ژیانی مرۆڤە، سەروەرییەکەی دووپات دەکاتەوە و دەبێتە مایەی ئەوەی ژیان شایستەی ئەوەبێ مرۆڤ بژی، ئەوجا مرۆڤی ئازاد بەئازادی لە بەند و کۆیلە جیا دەبێتەوە.

- بە مەبەستی توێژینەوەی ئەکادیمی دەکرێ قسە لە سێ ئاست — جۆری سەربەستی و ئازادی بکرێت:

**یەک:** ئاستی فەلسەفەی ئازادی.

**دوو:** ئاستی ئازادی کۆمەڵایەتی.

**سێ:** ئاستی ئازادی سیاسی.

هەرسێک ئاستەکە ئازادی خواستی بڕیاردان و هەڵبژاردن دووپات دەکەنەوە. ئەو پرسیارەی بە بیردا دێت:

ئایا ئازادی خەسڵەتی مرۆڤی تاکە، یان ڕاستەقینە (فاکتێکی) سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییە؟ پێوەندی ئازادی بە داد و دادپەروەریی چۆن لێک دەدرێتەوە؟

بە هەر جۆرێک ئەو پرسیارانە وەڵام بدرێنەوە، لەو ڕاستییە کاڵ نابێتەوە کە ئازادی لە خۆیدا (بە هەردوو ڕەهەندی تیۆری و پراکتیکی — فەلسەفە و سیاسەت) هەلومەرجی پێویستە بۆ دەستنیشانکردن و ڕشتنی ڕەنگی ئامانجێک، ئەوجا گۆڕینی ئەو ئامانجە بە ڕێگە و ئامرازی ڕێکوپێکی ڕۆشنبیری و سیاسی و ئابووری بۆ کارێکی کارا و سوودوەرگرتنی تەواوەتی لە ئەنجامی ئەو چالاکییە، بەڵام لاری لەوەش نییە کە چەمکی ئازادی تەنیا لەچوارچێوەی پێوەندییەکەی بەکۆمەڵگەیەکی ڕێکوپێکی نەزم ئاسادا کە سروشت و خەسڵەتێکی پێکهاتەی کولتووری و ئابووری و دامودەزگای سیاسی و بەها و قانوون و نەزمی هەبێ، دیار و دەستنیشان دەکرێ و خەتوخاڵ دەدات: (فرانز ڕوزنتال: ٢٠٠٧ ل٢١)

لەو پێناسەیەی ئازادیدا قسە لە هەلومەرج و دۆخ و ڕەوشی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی کراوە، ئایا ئەم قسەکردنە جۆرە پابەندبوونێکی ئازادی و مرۆڤی ئازادی لێ ناکەوێتەوە؟

لە ئەدەبیاتی مەسیحی و جوودا واهاتووە کە مرۆڤی ئازاد ئەو کەسەیە کە لەگەڵ خودی خۆی تەبابێ و لەگەڵ نەزمی بەرزی سەرووسروشتی بێتەوە و ئازادانە ملکەچی فەرمایشتەکانی ڕەب بێت و ئازادانە ڕێنماییەکانی لاهووت و شەرع پەیڕەو و جێبەجێ بکات. هەر بەو واتایە، بەڵام لە کەشوهەوایەکی دیکە و بەمەبەستێکی تایبەتی ئەوپەڕی جیاواز، فرەدریک ئینگڵز لەو باوەڕەدا بووە کە ئازادی سەربەستییەکی خەیاڵی نییە دووربێ لە پابەندبوون بە قانوون و ڕێنماییە سروشتی و کۆمەڵایەتییەکان. بەپێچەوانەوە پابەندبوونەکە گەوهەری ڕاستەقینەی ئازادییەکە پشتڕاست و بەرجەستە دەکات!